سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارە: ٥٣٠٣ لە ٢٠١٨/١٠/١٦

## بــڕیــار

پشتبەست بە ئەحکامەکانی یاسای پیادەکردنی پیشەی دەرمانسازی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٧٠ هەمووارکراو، و پشتبەست بە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (حەوتەم) لە یاسای سەندیکای دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩ ، و ئاماژە بە بڕگەی (یانزەیەم) لە ماددەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی ، بڕیاردرا بە:

١- هەر کەسێك دەرمان یان بەرهەمە پزیشکییەکان یان کەرەستە کیمیاییەکان ساختە ، کۆپی (تقليد) بکات ، یان خستنەڕوو و کڕین و فرۆشتنی پێ ئەنجام بدات ، یان دروستیان بکات ، ئەوا پێویستە لەسەر وەزارەتی تەندروستی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی سەر بەم وەزارەتە سکاڵایان لە دژ تۆمار بکەن لە دادگاکانی لێکۆڵینەوەی پەیوەندیدار بەپێی یاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەمووارکراو ، سەرەڕای سزا و حوکمە بەرزەفتییەکان کە لە یاسای سەندیکا پیشەییە پەیوەندیدارەکاندا هاتووە.

٢- هەر کەسێك بە پێچەوانەی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان بە بێ مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیدار بە قاچاخ مامەڵە بکات بە (دەرمان و پێداویستی پزیشکی و پێداویستی تاقیگەیی و ماددە کیمیاوی و بەکتریۆلۆژییەکان و ماددەکانی تایبەت بە بواری پزیشکی ددان و ئامێری پزیشکی و ئامێرەکانی خزمەتگوزاریی پزیشکی و ماددە کارا و ناکارەکان و ماددەکانی پێچانەوە کە لە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی دەرمان بەکاردێن و دەرمانی گیایی و تەواوکەری خۆراك) ئەوا پێویستە وەزارەتی تەندروستی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی سەر بەم وەزارەتە سکاڵایان لە دژ تۆمار بکەن لە داگاکانی لێکۆڵینەوەی پەیوەندیدار بەپێی یاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەمووارکراو،سەرەڕای سزا وحوکمە بەرزەفتییەکان کە لەیاسای سەندیکا پیشەییە پەیوەندیدارەکاندا هاتووە.

٣- لیـژنە پەیوەندیدارەکانی قایمقامیەت و ئاسایشی بازرگانی و پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کوالێتی کۆنترۆڵ و دەزگا و دامەزراوەکانی تری هاوشێوە دەستکراوە دەبن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە پشکنین و بەدواداچوون و گرتنی سەرپێچییەکان و دەستنیشانکردنی ناوی ئەو کەس ولایەنانەی دەبنە ڕێگر لە بەرامبەر بەجێهێنانی ئەرکەکانیان و ڕاپۆرتکردنی زانیارییەکان بۆ وەزارەتی تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بە مەبەستی تۆمارکردنی سکاڵا بەپێی یاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەمووارکراو و لە کاتی کەمتەرخەمی ناوبراوان لەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە یان ئاسانکاری بۆ سەرپێچیکاران، ئەوا ڕێکاری یاساییان لە بەرامبەردا دەگیرێتەبەر و توندترین سزا دەدرێن .

٤- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە وەزارەتی داد جێگری داواکاری گشتی بەپێی پێویست لە سنووری هەر پارێزگا و قەزایەك دەستنیشان دەکات وەك چاودێر و سەرپەرشتیار بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە، و پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ڕاپۆرتی بەدواداچوون پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکات لە ڕێگەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کە تیایدا بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بخاتەڕوو سەرەڕای دەستنیشانکردنی فەرمانبەر و کەس و لایەنی بەرهەڵستکار تاوەکو ڕێکاری قانونی لە بەرامبەردا بگیرێتەبەر.

٥- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**